# وتارەکانی وەزارەت لە کۆنفرانسەکاندا

## ”ئەمڕۆ کاتی پاراستنی مافی مرۆڤە کاتی چەسپاندنی دیموکراسییەتە“

وەک بەشێک لە هەڵوێستی ڕەسمی وەزارەت وەزیری مافی مرۆڤ (د. شوان محەممەد عەزیز) لە هەموو بۆنە و کۆنفرانس و ڕێوڕەسم و چالاکیەکاندا زۆر بەخەستی باسی لەگرنگی پاراستن و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ کردووە.

ئێمە لێرەدا بەشێک لە وتارەکانی وەزیر لە کۆنفرانسەکاندا دەنووسینەوە تا وەک گەواهینامەیەک بۆ مێژوو بمێنێ.



# دادوەری قۆناغی گواستنەوە

((وتاری وەزیری مافی مرۆڤ لە کۆنگرەی دادوەری قۆناغی گواستنەوە))

دونیای ئەمرۆ دونیای دیالۆگە، گەشەسەندنی رەوتی مرۆڤایەتیە، ریزگرتن لە ماف و ئازادییەکانە و ئەم پێوەرانە مەرجی پەیوەندیکردنمانە بە دونیای دەرەوە، ئێستا کوردستان بە قۆناغێکی هەستیار تێپەردەکات، ئەم قۆناغە قۆناغی ئازادییە پەرلەمانە، حکومەتە، هەڵگرانی ئاڵای کوردستانە کە بەخەبات و خوێنی هەزاران شەهید هاتۆتە کایەوە، بۆ گەیشتن بەم قۆناغە و بەدرێژایی مێژووی رابردومان غەدر و زۆرداری و کارەسات بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هاتووە، مافە سروشتیەکانی پێشێلکراوە، ئەم پێشێلکاریانە پێش هاتنە کایەوەی جاڕی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ و پەیمانە نێودەوڵەتیەکان سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ و هەروەها دوای ئەوان، ئەم پێشێلکاریانە دژ بە بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ بوون کە خودی (UN) دایرشتوون، ئەم زۆرداریەی کە دووچاری خەڵکی کوردستان کراوەتەوە بەدرێژایی مێژوو هەموو جۆرە ستەمکارییەکی بەخۆوە بینیوە، لەکوشتن و بەعەرەبکردن و ئەنفالکردن و بە کۆمەڵکوشتنی و زیندەبەچاڵکردن و جینۆساید و کاولکردنی چوار هەزار و پێنج سەد گوندی کوردستان.

ئێستا ئێمە لە کوردستان لە قۆناغی گواستنەوەداین، لێرەدا دادپەوەری رۆڵی خۆی دەبینێت لەم قۆناغەدا، دەبێت ئێمە دیموکراسیەت و یاسا پەیرەو بکەین، تاکو بتوانین مافەکانی مرۆڤ بپارێزین و شوێنەواری رابردوو بسرینەوە، ئەمەش کارێکی وا سوک و ئاسان نیە بەگوێرەی قورسایی پێشێلکارییەکان کەلە قۆناغی پێشوودا کراوە و بە هەماهەنگی حکومەت و خەڵک و (UN) و جیهانی دەرەوە دەکرێن.

پەیرەوکردنی دیموکراسیەت و یاسا و مافی مرۆڤ سێکوچکەی بنەمای سەرکەوتن و پێشکەوتنە.

دادپەروەری راگوێزراوە بریتییە لە:

یەکەم دەرخستنی راستیەکان و دووەم ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی و سێیەم پێکهێنانی دادگاکان و چوارەم قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان و قوربانیان لە رووی ماددی و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و گەراندنەوەی (ئیعتیبار) بۆیان و پێنجەم رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی ئیداری و چاککردنەوەی دەزگا گەندەڵکراوەکان.

دادپەروەری راگوێزراو شتێکە کە کاری پێکراوە و لەلایەن (UN)ەوە جێ بەجێکراوە، لە چەندین وڵاتانی جیهان. دادپەوەری راگوێزراو لە مافی مرۆڤ گرنگیەکەشی پتر بەدەردەکەوێت لەو شوێنانەی کە دیموگرافی و دوور لە شێوەی دیموکراسی لێکراوە بە زۆری وەک کەرکوک و شوێنەکانی دیکە. لە وڵاتی دونیا زۆر بەم قۆناغەدا تێ پەریوون و ئەزموونی باشیان هەیە لەم بوارەدا، ئێمەش دەتوانین سودی لێوەرگرین کە گونجاو بێت لە پەیرەوکردن لە کوردستان، ئەوەش یەک لە ئامانجەکانمانە.

وەزارەتی داد و ئەنفال و شەهیدان و کاروباری کۆمەڵایەتی و پلاندانان و مافی مــرۆڤ رۆڵی خۆیان پێدەدەرێت بە چاکی لەم بوارەدا، ئەویش بەهاوکاری حکومەت و خەڵکی کوردســـتان و (UN) و جیهان، هیوادارین کە بتوانین ئەزموونی (UN) لەم بارەیەوە لە کوردستان بەکار بهێنین بە خودی بنەمایەکانی مافی مرۆڤ کە (UN) خودی خۆی دایڕشتووە، داواکارین ئەم کارە بە کارایی جێ بەجێ بکرێت بە تایبەتی لە بواری بونیادنان و هێنانی شارەزایی بۆ کوردستان، لە پێناو دروستکردنی گەلێکی ووشیار و لێزان و دروســـتکردنی پەیوەندی دۆستانە و روناکبیرانە و زانستیانە و ئابووریانە لە نێوان کوردســـتان و دوینـــادا، ئەو لایەنە باشـــانەی کـــە لەشـــارەزایی و تاقیکردنەوەی دونیادا هەیە با لە کوردســـتان جێ بەجێ بکرێت بۆ ئەوەی گەلەکەمان لە ماوەیەکی کورت تیایدا سودمەند بێت.

● هەرچەندە لە ســـایەی دیموکراســـیەت و ئازادی ئازاری زۆری چێشـــتووە لە پێشـــەوە خوێنی رۆڵەکانی بەناهەق رژاوە، بەڵام پەیوەســـتە بە دیموکراســـیەت و لەمەر چەســـپاندنی رەوشـــی ئـــازادی و مافی مرۆڤ بە هێزەوە دەستی پێوە دەگرێت.

برینەکانـــی رابـــردوو بە زوویی ســـارێژ بکرێت، (UN) دەتوانـــێ وەک خاڵێکی لێکگەیشـــتن ئـــەم پەیوەندییە لە نێوان کوردســـتان و دونیادا دروســـت بکات، هەموو نیشتیمانێک بە پەیرەوکردنی دیموکراسیەتەوە جوانە، کوردستان هەرچەندە لە سایەی دیموکراسیەت و ئازادی ئازاری زۆری چێشتووە لە پێشەوە خوێنی رۆڵەکانی بەناهەق رژاوە، بەڵام پەیوەستە بە دیموکراسیەت و لەمەر چەسپاندنی رەوشی ئازادی و مافی مرۆڤ بە هێزەوە دەستی پێوە دەگرێت.
ئەگەرچی زۆر جاریش دەستی پێوە سوتاوە بەڵام دیسانەوە سورین لەسەر ئەوەی دەبێت ئەزموونی دیموکراســـیەت ببێتە نموونە لەلای ئێمەوە بۆ وڵاتانی رۆژهەڵات، هیوادارین لە کوردستاندا کۆتایی بەو کارەساتانە بێت و دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا بچەسپێت.

# ڤیستیڤاڵی منداڵان

((وتاری وەزیری مافی مرۆڤ لە فیستیڤاڵی رۆژی منداڵانی جیهان))

لە رۆژێکی وەک ئیمرۆ راگەیاندنی مافی منال ئاشکرا کراوە، منال دوا رۆژی هەموو میللەتێکــە چەند گرنگی بە منال بدرێت واتە گرنگی بە دوارۆژی خۆمان دەدەین، ئێمەی میللەتی کورد زۆر کێشــە و کارەساتمان بەســەردا هاتووە، گەلەکەمان قوربانی هەرە گەورەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ بووە کە دووچاری هاتووە. بەتایبەتیش مافی منال، ئێمە وەک میللەتی کورد پێویستە بە شێوەیەکی تایبەتی پەرە بەدوا رۆژی منالانمان بدەین، چونکــە پەرەدان بە مافی منالان واتە پەرەدانە بـــە مافی خۆمان، بەدوا رۆژی خۆمان، منالان ناسکترین پێوەری میللەتانە، ئەگەر بمانەوێت هەر هەنگاوێک بهاوێژین دەبێت پێوەرەکەی بە منال هەڵسەنگێنین، شارستانیەت لە دونیادا وا پێــوەر دەکرێت کە تا چەند گرنگی بەمنال دەدەیت، لەو ساتەوە کە لەدایک دەبێت، ئــەم پێوەرەش نەگۆڕ و زانســتیە، دەبێت چەند گرنگی بە خۆمان دەدەین ئا بەم ئاســتەش دەبێت گرنگی بە منال بدەین، پەیرەوکردنی جیهانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی باس لە مافی مرۆڤ دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی باس لە مافی منال دەکات، دونیای ئیمرۆ گرنگی بەمنــاڵ دەدات، هەر وەک ئاماژەمان بۆ کردووە ئەم لایەنە یەک لەو بنەمایانە پێکدەهێنێت کە وەزارەتی مافی مرۆڤ لە حکومەتی کوردستان کاری لەسەر دەکات.

**دەبێــت ئــەوە بزانیــن کــە ئــەو مافانەی منالان لە دونیا هەیانە دەبێت لە کوردستانیش هەیان بێت.**

ئەم یادانە دەبێت سودبەخش بێت، قازانجی لێ بکەین.

دەبێت لەم بۆنەدا سێ تەوەری بنچینەیی هەیە گرنگی پێ بدەین، یەکێکیان ناساندنی مافی منالە لە ناو کۆمەڵگەی دونیای خۆماندا، ئێمە لە کوردستانین پەیوەندیمان لەگەڵ دونیادا پەیوەندییەکی راستەوخۆیە، دەبێت ئەوە بزانین کە ئەو مافانەی منالان لە دونیا هەیانە دەبێت لە کوردستانیش هەیان بێت.

دووەمیان ئەوەیە ئەو پێشــێلکاریانەی کە دووچاری منال دەبێتەوە دەستنیشانی بکەین و بەدوایدا بچین. ئەو کێشانەی کەلەم بوارەدا هەیە لەلای میللەتی کورد لە هەموو دونیادا هەیە.

ســێیەمیان ئەوەیە کە ئێمە هەوڵ بدەین لەمەودوا سنورێک بۆ ئەم پێشێلکاریانە دابنێین و چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، هەماهەنگ لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە پەیوەندیدارن بەم کێشانەوە.

# کۆنفرانسی ژنان

((وتاری وەزیری مافی مرۆڤ لە کۆنفرانسی رۆژی توندوتیژی دژی ژنان))

ئیمرۆ رۆژێکی تایبەتە لە دونیادا، رۆژێکە ناسراوە بە لابردنی توندوتیژی دژی ژنان. لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ژن و پیاو کۆمەڵگایەک پێکدێنن و هەر یەکێکیان رۆلی خۆی دەبینێت بۆ بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگا. ژن رۆلی خۆی دەبینێت و پیاو رۆلی خۆی دەبینێت و ژن رۆلی تایبەتی خۆی هەیە. لە کوردستاندا پێش ئەم قۆناغەی کە تیایدا تێدەپەرین ژن دەورێکی تایبەتی خۆی بینیوە ئامادەباشی بووە بە شتێکی بچووک.

ژن هەردەم رۆلی خۆی دەبینێت وەک دایک و رۆلێکی باڵای هەبووە لە رزگارکردنی کوردستان نموونەش زۆرە.

ئێستا کوردستان ئازادە دوای راپەرینەکەی ساڵی 1991 و پەرلەمان هاتە کایەوە و حکومەتی کوردستان دروست بوو، بەعس روخا دوای ئەوەش حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسایەی هەڵبژاردن دامەزرا.

ئێستا ئێمە لە قۆناغێکی تایبەتی دەژین، قۆناغی رزگارکردنی کوردستانە. لەم قۆناغە کوردستان کراوەیە بۆ هەموو جیهان.

ئەمرۆ کاتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤە کاتی چەسپاندنی دیموکراسیەتە، کاتی دیالۆگە. هەموو جیهان چاوی لە ئێمەیە و دەرگای کوردستان کراوەیە و هەموو دونیا دەتوانێت چاودێری ئێمە بکات. ئێمە دەتوانین بەرێگایەکی راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ جیهان بکەین. ئێمە ئێستا و لەم کاتەدا چەند رێز لە مافی مرۆڤ بگرین. ئەوەندە بەرەو پێشەوە دەرۆین.

> ● ئێمە ئێستا و لەم کاتەدا چەند رێز لە مافی مرۆڤ بگرین. ئەوەندە بەرەو پێشەوە دەرۆین.

بۆئەوەی ئێمە لەگەڵ دونیادا بژین کە پارچەیەکین لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەڵام جیاوازین لەم رۆژهەڵاتە. دەبێت دیموکراسیین و دەستمان پێکردووە. ئێمە دیموکراسیەتمان دەست پێکردووە، دیموکراسیەتمان پەیرەو کردووە دەبێت لەم قۆناغە هەوڵ بدەین ژن رۆلی خۆی ببینێت هەر وەکو پێشتر رۆلی خۆی بینیوە. بەداخەوە لەم قۆناغەدا شتێکی روون و ئاشکرایە کە پێشێلکاری لە مافی ژنان هەیە. ئەمەش لەلایەن (NU) رەچاوکراوە و لەلایەن یونسیفەوە ئینجا لەلایەن (هیومەن رایس ووچ)ەوە. ئێمە خودی خۆمان وەک وەزارەتی مافی مرۆڤ ئەو پێشێلکارییەی دژی ژنان دەکرێت هەستمان پێکردووە. ئەم پێشێلکاریانەش تەنها لە کوردستاندا نییە. لە هەموو دونیادا ئەم پێشێلکاریانە دژ بە ژنان بوونی هەیە. بۆ نموونە چەند رۆژێک پێشی ئێستا قونسولی بەریتانیا لای ئێمە بوو. گفتوگۆمان لەگەڵیادا کردوو وتیان پێشێلکاری مافی ژنان لە بەریتانیاش هەیە. تەنانەت ئەوەی لێرە دەکرێ لەوێش هەیە. بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە لەوێ بە یاسا بەرەنگاری دەکرێت. بەم شێوەی لەوێ دەکرێت لێرە نیە. ئێمە ئەم کۆر و کۆبوونەوانە دەکەین بۆئەوەی بزانین و بەدوو هۆکارەکاندا بچین و بەدوای ئەو مەسەلانەدا بچین کە رێگە چارەیە. لەگەڵ پسپۆر و شارەزایان پێداچوون دەکەین. بۆئەوەی هەر یەکە رای خۆی بڵێت. ئێمە لە کوردستانی ئازاد دەژین ئەو خەڵکەی کە شارەزایە لەم ئاستەدا با چارەسەری خۆیانمان پێ رابگەیەنێت. بۆئەوەی چارەسەرێکی چاکی بۆ بدۆزینەوە کە بتوانین کێشەکە لە کوردستاندا کەمبکەینەوە.

بەندی ١٩ :

هەموو کەسێک مافی ئازادی بیروباوەڕدەربرینی هەیە، ئەم مافەش هەڵگرتنی بیروڕا بەبێ خۆتێکەڵکردنی کەسێکی دیکە و وەرگرتنی هەواڵ و بیروباوەڕ و بڵاوکردنەوەیان بە هەر شێوەیەک و بێ خۆبەستنەوە بە سنوری جوگرافی دەگرێتەوە.

"جاری گەردوونی مافەکانی مرۆڤ"